# ( یادی نەورۆز )

**1977/3/15**

چۆن بولبول بۆ گوڵ ئاواز ئەخوێنێ
دایك کۆرپەی دڵ بەناز ئەنوێنێ
چۆن دیمەنی جوان مایەی ئەندێشە
برین بێ هەتوان سەرچاوەی ئێشە
چۆن نالەباریی هەست ئەبزوێنێ
نامەی دڵداری لاو ئەتەزێنێ
چۆن ئاگر ئاسن ئەتوێنێتەوە
ئاو.. گیا.. لە مردن ئەژێنێتەوە
بەهارمان زستان قاو ئەداتەوە
گەزیزەی کوێستان چاو دەکاتەوە
نێرگز و شەو با پەیام ئەنێرن
دەهۆڵ و زورنا داوەت ئەگێرشن
منیش بە خەندێك ئازا و ئەویندار
دەرشوێنم هەندێك نەمام و گوڵزار
کوڕ گەلی دڵسۆز بەیادی نەورۆز
جەژنتان پیرۆز نەورۆزتان پیرۆز
هیوای کچۆڵەی پێشمەرگە
دایە .. دایە
کە لە باژێر گەڕایتەوە
بووکە شووشەم بۆ مەهێنە
چیدی گۆمیلکەی سەرنجە
بە هەڵبەزین و ئاکاری مناڵانە
مەشڵەقێنە
ێنووس و پەڕاوێکی پاك

تۆپێك ریس و

شیشكەی چنینم بۆ بێنە

لە هەنگاونان بەرەو خۆر و

كاری رەنگینم رابێنە

چونكە دایە .. ئەم بەهارە

بابە لە كاروان دێتەوە

رەنگە دەیان قۆناغی هیوابەخشتر

ببڕێ و جارێ نەسێتەوە

حەزم لێیە .. پووزەوانەی

دەسكردی خۆمی پێشكەش كەم

بەقامكە وردیلەكانم

كەزی و قژی پەرێشانی

داستانی پڕ لە سەروەری بنوێنمەوە

گەوهەر و مەرجانی وشەی فەرهەنگەكان

بۆ سرووودی پێشڤەچوونی .. بهۆنمەوە

لە مەكتەب و لە كۆلانا

بۆ هاوتەمەنەكانی خۆم

بەسەر بەرزی بیخوێنمەوە

**1987/12/26**

**لە ژمارە (3) ساڵی دووەم بڵاوكراوەی شالوور بڵاوكراوەتەوە لاپەرە 4**